## نامەیەك بۆ بەختیار عەلی

# ئەگەر ئاوا دەنووسیت چیتر مەنووسە




**حەمە کاکەڕەش**

**هەموومان دەزانین تۆ یەکێکیت لەو قەڵەمانەی، دونیای ئەدەب و نووسینی کوردیت بە خۆتەوە سەرقاڵکردووەو... وا بۆ چەند ساڵێک دەچێت وەک داهێنەرێک ئامادەییت هەیەو قسەت لە بارەوە دەکرێت و شیعرو نووسین و ڕۆمانەکانت شەنوکەو دەکەن و... بازاڕی بەرهەمەکانت تا دێت گەرم و گورتردەبێت و ...کەسانێکی زۆر لە دەوری بەرهەمەکانت کۆبوونەتەوەو تەواو بڕوایان بە توانای تۆ هەیەو ئەگەر نەڵێم: وەک تاقانە قەڵەمی داهێنەری ئەدەبی کوردی دەتخوێننەوە. ئەوە بێگومانم بەیەکێک لە داهێنەرە دیارو دەنگ زوڵاڵەکانی دونیای نووسینی کوردی دەتژمێرن و بڕواناکەم لە دونیای ئەدەب و نووسینی کوردیدا هیچ قەڵەمێک هێندەی تۆ قسەی لەبارەوە کرابێت و بووبێتە جێگای مشتوومڕی کۆڕو بەرنامەو گفتوگۆکان، بڕواناکەم هیچ نووسەرێکی کورد ئەوەندە خواستی لەسەر بووبێت و داوای لێکرابێت بۆ ئەوەی دیدارو گفتوگۆی لەگەڵدا سازبکرێت، لەو هەموو نووسینانەی لە بارەی بەرهەمەکانی تۆوە نووسراون و قسەت لەبارەوە کراوە زۆرینە شەیدای دونیای نووسینی تۆن و دەڵێن: سیحری زمان و خەیاڵ و دونیای نووسینەکانی بەختیار عەلی تەواو داگیریکردووین و دونیایەکی تایبەت بەخۆی هەیە. دەڵێن: بەختیار عەلی، کە بە خەیاڵ حیکایەتی جێگایەک یان کارەکتەرێک دەکات، هیچ کەسێک نییە ئیمان بەبوونی ئەو جێگایە یان ئەو کارەکتەرە نەهێنێت. ئەستەمە بتوانیت شیعرێکی یان بابەتێکی یان ڕۆمانێکی بخوێنیتەوەو... دڵ گەرمانە بەدوای بەرهەمەکانی تریدا نەگەڕێیت. لەگەڵ ئەو هەموو شەیدایی و عەشقەی بۆ بەرهەمەکانت هەیە، چەند ڕەخنەگرێکی دیارو بەتوانای دونیای نووسینی ئەدەبی کوردی کە لە کتێب و بەرهەمەکانیاندا بە زەڕەبین، کون و کەلەبەری دونیای فیکرو ئەدەبیان پشکنیوە، هاوڕانین و بڕوایان بەوەنییە کە تۆ نووسەرێکی تەواو داهێنەربیت و شیعرو گوتارە فیکریی و ئەدەبیی و ڕۆمانەکانت زادەی بیری خۆت بن، ئەم چەند بلیمەتە ڕەخنەگرەی ئەدەبی کوردی هەروا قسە فڕێنادەن و خاوەنی پاشخانێکی ڕۆشنبیری**

ئەوەندە دەوڵەمەندن، مرۆڤ سەری لەوە دەسوڕمێت چۆن ئەو هەموو زانستەیان کۆکردۆتەوەو سەریان لە هەرچی قوتابخانەو ڕێگاو ڕچەو میتۆدو چەمک هەیە دەردەچێت و ئاگاداری تەواوی ڕۆشنبیری و فەلسەفەو فیکری دونیان و زەنگیانەیەکیان لێون نابێت و... بەوپەڕی دڵسۆزی و ویژدان و ئینسانییەتەوە، دوور لە شارچێتی و حیزب چێتی و ناوچە چێتی و گەڕەک چێتی و برادەرییەوە، بەبێ بوغزو درۆو کینە هەموو دەقێک دەخوێننەوەو گرێکانی بۆ خوێنەر دەکەنەوەو تەواو ڕاڤەی دەکەن و وەک هێلکەی پاککراو دەیخەنە بەردەستی خوێنەرو هەزاران مەتر خاکی ماناو خەیاڵ و بیرکردنەوەی تازەی لێدەدۆزنەوەو هەر پووچی و بەتاڵی و کاڵییەک لە دەقەکەدا هەبێت دەیخەنە بەرتیشکی ڕەخنەو ڕاڤەیدەکەن، تائێستایش دەیانجار ڕەخنەو خوێندنەوەیان بۆ شیعرو ڕۆمانەکانی تۆ کردووەو سەلماندوویانە تۆ داهێنەرنیت و بەرهەمەکانت زادەی بیرو خەیاڵی خۆت نین و... کەچی تۆ ئامادەنیت گوێ لەو پیاوە بلیمەتانە بگریت کە ئاوی چاویان داهات بەدەست خوێندنەوەی بەرهەمەکانی تۆوە.

هەرجارەو بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و عیلمی و فەنیی و غەنییەوە دێن و...لە دەرئەنجامی خوێندنەوەیەکی وردو پڕ زانیاریی و دروستەوە ڕۆمانێکت بەتاڵدەکەنەوەو بۆ هەموو خوێنەرێکی دەسەلمێنن کە ئەمە نەک شاکار نییە، بەڵکو ناکرێت وەک کتێبێکی پوختیش بخوێنرێتەوە، بۆنموونە لە یەکەم کتێبی شیعری تۆوە) گوناە و کەرنەڤاڵ) تا ڕۆمانەکانت (مەرگی تاقانەی دووەم، ئێوارەی پەروانە، دواهەمین هەناری دونیا، شاری مۆسیقارە سپییەکان، غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ) لە یەکەم کتێبی شیعریتەوە تادەگاتە دوایین ڕۆمانت، هەر یەکێک لە ڕۆمانەکانت بە چەندەها خوێندنەوەی قووڵ و پڕ تێڕوانینی ڕۆشنبیرانەی ئەو مامۆستا ڕەخنەگرانەی باسمکردن، دەرکەوت کە بەڵێ، ڕۆمانەکانت نەک شاکارنین، بەڵکو هەر وتنەوەی شتەکانی ڕۆمان و کتێبەکانی تری دونیان، بە بەڵگەوە سەلماندیان کە هیچ داهێنانێکت نەکردووە، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو مامۆستا ڕەخنەگرانەی دونیای ئەدەبی کوردی، ئەو ڕاستییەیان سەلماند کە داهێنەرنیت، هەروەها زمانەکەیشت لە رووی ڕێنووسەوە هەڵەی زۆری تێدایە بۆ نموونە ئەگەر بەسەر یەکەوە حسابیانکەین نزیکەی یەک فەردە واوت نە نووسیوە، مەبەستیان ئەوەیە ئەو وشانەی بە دوو واو دەنووسرێن تۆ غەدرێکی گەورەت لێکردوون و بەیەک واو نووسیوتن، بێئەوەی بزانیت ئەو واوانە لای ئەو مامۆستایانە چەند گرنگ و بەنرخن، واتا هەر واوێک لە دووری واوەکەی هاوڕێی سووێیبۆتەوەو لە تەنیاییدا شێتبووە، ئەمەی تۆ کردووتە تەواوی یاساو ڕێساکانی ڕێنووسی ستانداردی کوردیی شێواندووەو گوناهێکە لێخۆشبوونی بۆ نییە، هەروەها زۆربەی ئەو وشانەی بە دوو (ی (دەنووسرین تۆ بەیەک (ی) نووسیوتن. ئێستا مامۆستا ڕەخنەگرەکانی کورد هەر لە غەمی ئەوەدان ئەو(یی، یانە) ژیرکەنەوە هەر یەکێک لەو(یی، یانە) لە دووری (یی، یەکەی) کەی هاوڕێی بەردەوام دەگری، ئیدی باسی هەڵەکانی ڕێنووسی ڕۆمانەکانی تۆ ناکەم، چونکە منیش شارەزاییەکی وام لە ڕێنووسی زمانی ستانداردی کوردیدا نییە، با لەوەگەڕیین بۆ عولەما گەورەکانی زمانی کوردیی .بەڵام دەپرسم دوای ئەوەی کۆمەڵێک ڕەخنەی جوان و قوڵ و ورد دەربارەی ڕۆمانەکانت نووسران و پەنجەیان خستە سەرئەوەی کە دونیای ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی بە حیکایەت و کارەکتەرو خەیاڵ و ڕووداوو سەرەتاو کۆتاییەوە لە زۆر ڕۆمانی تردا هەن. کەچی تۆ وەک بەختیار عەلی بۆ جارێکیش داوای لێبوردنت لە خوێنەرەکانت نەکرد. دەتوانی بەمن و ئەو ڕەخنەگرانەیش بڵێیت چۆن چۆنی ڕۆمانەکانت داهێنانن. تۆ چیت نووسیوە پێشتر قسەی لە بارەوە کراوە بۆنموونە تۆ لە ڕۆمانەکانتا قسەلەبارەی عەشق و خواوەندو خودو مردن و ژیان و منداڵی و ژن و دایک و غوربەت و نیشتیمان و دەسەڵات و دیکتاتۆرو زیندان و ئازادی و شۆڕش و ڕاپەڕین و جەللادو کرێکارو بازرگان و بازارو باران و باوو باوک و بەهارو بەردو بەفرو بەهەشت و قوربانی و کوشتن و سووتان و گریان و پێکەنین و شێت و خەیاڵ و پاکیزەو سۆزانی و سەرمایەدارو کۆمۆنیست و ڕادیکاڵ و چەپ و ڕاست و ئاین و مێژوو وەفاو خیانەت و ئاهەنگ و پرسەو دادگاو کۆیلەو

مۆسیقاو مەلهە و مەلەو مەلاو مەیت و مەیتەرو مەیخانەو مزگەوت و مەکتەب و ئەستێرەو ئاوو ئاسمان و... چی و چییەوە کردووە ئەمانەو زۆریتر بەر لە تۆ لە زۆر رۆمانی دونیادا قسەیان لە بارەوە کراوە، ئیدی تۆ دێیت لە رۆمانێکی خۆتدا قسەیان لە بارەوە دەکەیت ئەمە هیچ داهێنان و شاکار نووسینێک نییە. تۆ دەبێت ئەم بابەتانە لابدەیت و بابەتی تر بۆ خۆت بدۆزیتەوە، ئیتر لە کوێ دەیانهێنیت گرفتی خۆتە. دوای ئەوە ئەو کارەکتەرو جێگاو شوێنانەی لە رۆمانەکانی تۆدا هەن هەموویان لە زۆر رۆمانی دونیادا ناویان هاتووەو هەن، بۆ ئەوەی بە قسەی ئەو رەخنەگرانەو من نەڵێیت ئەمە وانییە، بە بەڵگەوە قسە دەکەم بۆ نموونە، لە رۆمانەکانی بەختیار عەلیدا مزگەوت، مەکتەب، دارستان، شاخ، باخ، دەریا، بیابان، هوتێل، حەمام، تیاترۆ، شار، گوند، چێشتخانە، چاخانە، چاپخانە، ئەشکەوت، کتێبخانە، بازاڕ، گەراج، تەیارەخانە، کارگە، کەلاوە هەیە، وەک کارەکتەرەکانیش لە رۆمانەکانی تۆدا هەر ئەو کاراکتەرانە هەیە کە لە رۆمانی تردا بینیومان، ژن، منداڵ، پیرەمێرد، مرۆڤی سووتاوو کەمئەندام و عاشق و خائین و بە وەفاو دەڵاڵ و دەلاک و ئاغاو پاشاو جوتیارو کرێکارو زیندانی و بەرپرس و دوکاندارو پیاوکوژوو زۆڵ و سۆزانیی و ئازاو ترسنۆک و نەزۆک و نەزان و گەمژەو زاناو مامۆستاو شێخ و ئەفسەرو شۆرشگێڕو شاعیرو ساحیرو دکتۆرو دڵپیس و دڵخۆش و دەنگخۆش و گاڵتەچی کەڕو، کوێرو بێزارو گۆرانیبێژو شێوەکارو حیکایەتبێژو درۆزن و راستگۆو شێخ و پۆلیس و ئاسایش و نانەواو دەستگێرو شۆفێرو سۆفی و حاجی و باڵندەو ئەسپ و سەگ و قاچاخچی هەیە. ئەمانە پێش تۆ لە زۆر رۆمانی دونیادا هەن و قسەیان لە بارەوەکراوە ئیتر چۆن دەکرێت تۆ باسی ئەمانە بکەیتەوە. بۆیە بەناوی ئەو مامۆستا رەخنەگرانەی کوردەوە پێتدەڵێم؛ ئەگەر شوێنی تر نادۆزیتەوەو خەڵکی تر نادۆزیتەوە لەسەریان بنووسیت، ئیتر رەوای هەق نییە بنووسیت. ئیتر گەرئاوا دەنووسیت چیتر مەنووسە .هەوڵدە دەنگێک، رەنگێک، رچەیەک، رێگایەک بۆ خۆت بدۆزەرەوەو بابەت وکارەکتەرو حیکایەت و شێوازو خەیاڵی خۆت هەبێت، هەوڵبدە ئەستێرەیەکی تربدۆزەرەوە لەسەری بنوسیت، چونکە ئەو رەخنەگرە داهێنەرانەی کورد پێیان خۆش نییە، لەسەر ئەم شتانەی سەر ئەم ئەستێرەیە بنووسیت و پێویستە بچیتە بچیتە ئاستی ئەو جیهانانەوە کە ئەوان کەشفیانکردووە. ئەو جیهانەی ئەو بابەتانەو ئەو شوێنانەو ئەو کەسانەی تێدا نییە. هەرچی لەسەر ئەم ئەستێرەی زەوییەیە لە بارەیەوە نووسراوەو قسەکراوە ئیدی تۆ هەرچی بنووسیت نابێت بە داهێنان و لە رۆمانەکانی تردا هەن. بۆیە جارێکیتریش بە ناوی رەخنەگرە بلیمەتەکانی کوردەوە پێتدەبێژم: ئەگەر ئەستێرەیەکی تر بۆ خۆت نادۆزیتەوە، ئەگەر هەر لەسەر ئەم ژیان و ئەستێرەیەی ئێمە دەنووسیت، چیتر مەنووسە. دواشت ئەوە دەڵێم: هێندە باسی خەیاڵ و عەشق مەکە، چونکە زۆربەی رەخنەگرەکانی ئێمە تاقەتی عەشق و خەیاڵیان نییە، شتێکیان بۆ بدۆزەرەوە بە ئەندازەی توانای دڵ و عەقلی خۆیان بێت.